# ئەوانەی لە كۆنفرانسی میساقی رۆژنامەنوسی كەوتنە تەقە؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**



ئێمە وەك ئەو پۆلە رۆژنامەنوسە گەنجە سەركەش و دوور لە دەسەڵاتە، لەگەڵ گروپی راچەنین و بە هاوكاری راستەوخۆی رێكخراوی ئەمریكی ICSP رۆژی 2007/5/23 لە ئوتێل چوارچرا لە هەولێری پایتەخت بە ئامادەبوونی زیاتر لە 100 رۆژنامەنوسی چالاكی كوردستان، سەركەوتوانە میساقێكی شەرەفمان نوسیەوەو ئیمزای رۆژنامەنووسانی لەسەر كرا بە ناوی (پەیمانی كاری رۆژنامەنووسی) ئەمەش جوانترین كارێكە پاش راپەرین لەگەڵ كارەكەی گۆڤاری لڤیندا كە لەدەرەوەی فەزا ناسازەكانی حیزب ئەنجام درابێ و میداڵی سەركەوتنی وەرگرتبێ، ئیدی بۆ ئەكەونە تەقە كردن و موقاتەعەكردنی؟ خێرتان ئەگا ئاوەها پرۆژە ئەهلی و خاكی و تەوازوعەكانی ئەم نەوە رۆشنبیرو دەنگ بەرزو زبرنوسە ئەكوژن و بێ هیوا ئەكەن؟ ئاخر ئێوە ئەم كورانە بە كوری خۆتان نازانن وا ئەیانتۆرێنن و موقاتەعەیان ئەكەن و لە چالاكیان ئەخەن لەباتی دەستخۆشی و دەستگرتن؟ ئایا ئەزانن توندرەوی و رەفزكردنەوەی دەسەڵات و رەشبینی ئەم رۆژنامەنوسە یاخیانە لەم دەریچەو ئەخلاقەی ئێوەوە دروست ئەبێ؟ خۆتان حوكم بدەن ئەم گەنجانە چی بكەن گەر ئەم كارە مەدەنیانەش نەكەن؟ بەرێز وەزیری رۆشنبیری بۆ بەشداریت نەكرد؟ بەرێز سەندیكای رۆژنامەنوسان بۆچی موقاتەعەتكرد؟ ئەی ئێوە رۆژنامە ئەهلییەكان!!

ئەم پەیمانە ئێستا بنەمایەكی رۆژنامەوانیەو ناكرێ حیزب و پیاوەكانی بیخەنە خانەی مامەڵەكردنێكی نەگەتیڤانەوە، بەهەموو كەم و كوریەكانیەوە ئەم میساقی شەرەڤ رۆژنامەنوسییە دەبوو قبوڵ بكرایەو ئەوەندە بە چاوی گومانەوە سەیر نەكرایە، بەداخەوە لێرەو لەوێش گوێ بیستی هەندێ ئاوازو نەغمە دەبین كە گوایە بیرۆكەی میساق داهێنەری ئەوانەو دەبوو ئێمە بانگێشتمان بكردنایە وەك ئەوەی كەس میساقی نەنوسیبێتەوە و داهێنانێكی نوێ بێت، بێئاگا لەوەی كە میساق مێژوویەكی كۆنی هەیەو تەنانەت رۆژنامەنوس خۆی بۆ خۆی دەبێ میساقی خۆی هەبێت و شتێ نییە ئەم و ئەو بیكات بە ناسنامەی خۆی و باڵی خۆی پێوە با بدات و وەك داستانێكی بۆ ئێمە تۆمار كردبێ خۆی ئەكاتە سەر لەشكری كۆن، ئاخر ئەوانە كە باسی ناو و شۆرەت و بیرۆكە ئەكەن دەبوو راستەوخۆ بەشداربوونایە نەك

توانجدان لەم ڕێرەوی کارکردنە تا پرۆژەکەیان دەوڵەمەندتر بکردایە، هەندێکیش دەڵێن میساق بە ڕۆژو دوو ڕۆژ ناکرێ و بە هەمان مەنتیقی حیزب بیر ئەکەنەوە کە هەمیشە دەیانەوێت کارێ بکەن داهاتی میللەتێ بخواو چەندین ڕۆژ بخایەنێ و دەیان گەندەڵی تێدا بکرێ و ئەنجامێکیشی نەبێ!! بەهەر حاڵ ئێمە بەو توانستە کەم و پوختە توانیمان زۆرترین ئیش راپەڕێنین و بۆ مێژووی کوردوکوردستانیش یەکەمین میساق و پەیمانی ڕۆژنامەنوسی بنوسینەوە بەو فراوانیە و لە کۆنفرانسێکی شایستەو پڕ دیالۆگ و مشتومری گەرمی ڕۆژنامەوانیدا بیسەلمێنین کە بەدەر لە حیزب و پارە مەرجدارەکانی داهێنانی خۆمان ئەکەین و ناشوەستین لە چالاکی دیکە، توانیمان بیسەلمێنین کە لەدەرەوەی مەکتەبی ڕێکخراوەیی و جەماوەری و بەناو دیموکراتی حیزبی و بودجەی دەسەڵات ئەتوانین هەناسەو ئۆکسجین هەڵمژین و نەشمرین، بەڵام دەبوو نوسینەوەی ئەم میساقەدا هەم حکومەت و هەم سەندیکای ڕۆژنامەنوسان لە لایەك و هەندێ کەناڵی ڕۆژنامەنوسیش وەك (ئاوێنە) کە بەردەوام بانگەشەی ئازادی بیروراو ئیتیکی ڕۆژنامەوانی و بەرگری لە ڕۆژنامەنوسان ئەکەن حزوری کارایان هەبوایە نەك بایکۆتکردن، بەڵام بەداخەوە شوێنیان چۆڵ بوو!

دیارە مەسەلەکە هەر میساق نییە وەك لە هەندێ ئۆرگانەوە بەرگوێمان دەکەوێ و پەیوەندیشی بە ڕۆژنامەگەریەوە نییە، بەڵکو مەسەلە ئەوەیە ئەم گروپە دوورە لە دەستە سیاسیە گومانلێکراوەکان و پارەکانی حیزب، حیزبیش دوچاری شۆك ئەبێ کە چۆن کارێکی وا گەورە بەو هەندە ڕۆژنامەنوسە ئەکرێت؟ حیزب لای وایە ناکرێ کۆنفرانسێك بگیرێت لەو ئاستە بەرزەدا کە دەیان کەناڵی دەرەکی لەسەریان نوسی و لە کوردستانیش بوویە هەڵلا، کەچی دەزگاکانی ئاسایش و زانیاری و پاراستن ئاگاداریان نەبێ؟ ئەم پەیمانە بۆ هەر ڕۆژنامەنوسێکە کە کاری ڕۆژنامەنوسی ئەکات وەك بنەماو سوێندو پەیامێك کاری لەسەر بکات، بۆ ئەوەیە ڕۆژنامەنوسانی کوردستان دوور بن لە زمانی تەشهیرو جنێودان و نزیك بن لە مافەکانی خۆیان و بۆ ئەتەکێت و کاری ڕۆژنامەنوسیی کوردییە، ئیدی بۆ ئەکەونە تەقەکردن لێی و لێرەو لەوێ بە لادەران و هەرچی و پەرچی و هەرزە ناویان ئەبەن، گەر ئەهمیەت و سەنگی ئەم میساقەتان ئەزانی بۆ خۆتان پێی هەڵنەسان تا ئێمەش باجەکانمان بۆ دابەش بکردنایەو خزمەتمان بکردنایە، یان هەر ئەتانەوێ هەر کارێ کە دەکرێ حیزب ئاگاداری بێ و بەدڵی خۆتان بێ، بەڵام ئێمە ڕاستمان کردو هیلاکی و زەجرمان چەشت و توانیمان پەیمانی کاری ڕۆژمامەنوسی بنوسینەوەو سوێندی شەرەفیشمان خوارد کە خیانەت لە پیشەکەمان نەکەین و پەشیمانیش نین، ئێوەش گەر ڕاست ئەکەن فەرموون کۆنفرانسی پەیمانی وازهێنان لە گەندەڵی ببەستن و میساقی شەرەف و نەزاهەتی ئیداری بنوسنەوە خۆ ئەمەش هەر کارەو لە پێشتانە و زۆریش پێویستمان بەم میساقە هەیە؟!